کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

19-12-2007 21:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نەخۆشخانەی ڕزگاری یان مەئسات ... کەژاڵ ئیسماعیل

هوڵندا



پێوانی پێشکەوتن وشارستانێتی هەر دەوڵەتێك بە شێوازی خزمەتگوزاری وئەو بوارە جیاجیانەی کە کۆمەڵگە سوودی لێ وەردەگرێت ئەپێورێت و هەرگیز هەراوهوریای بانگێشە بۆ بەشارستانییەت بوونی کۆمەڵگەو دەوڵەت کارناکاتە سەر گۆڕینی ئەو ڕاستیانەی بەچاو ئەبینرێن و کۆمەڵ لێیان ناڕازی وبێزارە، بەتاییەت ئەو دەوڵەتانەی کە بانگێشە بۆ پێشکەوتن و ئاوەدانی و ئازادی ئەکەن وبەدیکموکراسییەت بوون کۆمەڵگە ئازار ئەدەن ئازارێك تاسەر ئێسقان، دیارە خزمەتگوزاریەکان زۆرن من نامەویت بچمە نێو باسی هەریەك لەو خزمەتگوزاریانە کە مرۆڤ سوودیان لێ وەردەگرێت و دەوڵەت بەرپرسە لە دابینکردنیان بەشێوەیەك ببنە هۆی خزمەت کردن بەخەڵك، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان تا رادەیەك پابەندن بە ئاستی ئابووریەوە و لەو دەوڵەتانەی باری ئابوورییان نزمە کەم وکوڕی ودواکەویوی بە پرۆژەکانی خزمەتگوزارییەوە ئەبیرێن وئەمیش نابنە جێگەی سەرنجی خەڵك یان میدیاو ڕۆژنامەکان، ئەگەر بەراوردی باری ئابووری وولاتە هەژارەکانی باشووری ئەفریقیا بکەین لەگەڵ وولاتێکی وەك عێراق جیاوازییەکی زۆر لەئاستی ئابووری وڕۆشنبیری و زۆر لایەنی دیکەی ژیان ئەبینین و لەهەمان کاتدا چونیەکییەکی زۆر نزیك هەن لەنێوان ئەو وولاتە هەژارانەو وولاتی عێراقدا، ئەگەر باس لە هەرێمی کوردستان بکەین ئەوا پێشکەوتن وئاوەدانی زۆری بەخۆ بینیوە بەتایبەت لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابوردوداو بەتاییبەت دوای کۆتایی هێنانی شەڕی ناوخۆی هەرێمەکە، ئەوی لێرەدا ئەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم چۆنێتی ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانەن لەکوردستان پارەیەکی زۆریان بۆ خەرج ئەکرێت و وەك هەموو ئەزانین باری ئابوری هەرێمی کوردستان لەبارە بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی خەڵکی هەرێمەکە بە زیادیشەوە، بەلاّم ئایا پرۆژەکانی خزمەتگوزاری و دام ودەزگا ئیداری وحکومییەکان وەك پێویست خزمەت بە خەڵك ئەکەن و هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابین کراوە تاوەکو زیاتر لەخزمەتی خەڵکدا بن؟ بێگومان هەندێك لەکەناڵە ئاسمانیەکان وەلاّمی ئەو ڕاستیانە ئەدەنەوە کە تاچەند پرۆژەکانی وەك خوێندنگا و ڕێگەوبان و نەخۆشخانە گشتییەکان خزمەت بە خەڵك ئەکەن و هاوولاّتیان لێیان ڕازین، چەند ئێوارەیەك لەمەو بەر لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بەرنامەیەکی تایبەتم بینی بە خزمەتگوزاری لە نەخۆشخانەکانی کوردستان و کامێرای بەرنامەکە لە نەخۆشخانەی ڕزگاری شاری هەولێر ئامادەبوو، سەرەتای بەرنامەکە لەبەردەم نەخۆشخانەکەدا شەڕی نێوان کارمەندێك و هاوولاّتییەکی تۆمار کردبوو لەسەر چونە ژوورەوە بۆ ناو نەخۆشخانەکە، پێم وابێت شێوازی ئاخافتن و گوڕینەوەی دەمەتەقێی نێوان هاوولاّتیەکان و کارمەندی نەخۆشخانەکە دەلالەتی تەواوی لە نەبوونی ڕۆشنبیری ئەکرد، وێڕای ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستان ڕێژەی خوێندەوار زۆر بەرزە بەلاّم بەداخەوە بە هۆی ئەوەی کتێب کەوتە سەر شۆستەو شەقامەکان ڕۆشنبیری تادێت نزم دەبێت، ئەوی سەرنجی راکێشام شێوازی ئاڕاستە کردنی پرسیار و بوێری خانمی بێژەر بوو کە تەنها شتێکی دڵخۆشکەر بوو بەدرێژایی بەرنامەکە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

19-12-2007 21:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لەڕاستیدا نەبوونی کۆنترۆڵ لە ناو نەخۆشخانەکەدا لەهەموو بوارێکەوە زۆر بە ئاشکرا ئەبینرا، هەر لە نەبووی سەرچەف سەرقەرەوێڵەکان، نەبوونی برینپێچ لە یەکەکانی نەخۆشخانەکە، نەبوونی جل وبەرگی تاییبەت بە کارمەندان، پەراوێزکردنی نەخۆشەکان و لووت بەرزی پزیشکەکان بەجۆرێك بێزاری و ناخۆشی بەدەموچاویانەوە دیار بوو لەکاتی وەلامدانەوەی پرسیارەکاندا و خۆیان بە بەرپرس نەدەزانی بەرامبەر نەخۆشیك کە کانۆلاکەی دەستی خراپ دانرابوو خوێنی لێ دەڕۆی، ئەمانە هەمووی لەلایەك وئەو قەرەباڵغی ودەنگەدەنگە لە هەموو بەشێکی نەخۆشخانەکە ئەبیسرا، ئەوی زیاتر بوە هۆی نیگەرانیم بینینی دیمەنی چەند نەخۆشێك بەئازارەوە لەسەر کورسی دەرەوەی نەخۆشخانەکە و ئەو نەخۆشەی کە ئەیخواست کەسێك بێت بەلایەوە و تەقەڵەکانی دوای نەشتەرگەری بۆ دەربهێنێت و بەپێوە وەستابوو، لەراستیدا نەخۆشخانەکها بڵێی دوورە لە هەموو پرینسیپێکی خزمەتگوزاری وپاك وخاوێنی تایبەت بە نەخۆش و نەخۆشخانەکە، لەگەڵ ئەوەی دڵنیام کە زۆربەی هەرە زۆری نەخۆشخانەکانی کوردستان بەم شێوەیە خزمەت بە نەخۆش دەکەن و دوورن لە هەموو دیمەنێکی شارستانییەت و پێشکەوتنەوە، دیارە کەسی شیاو لەشوێنی شیاودا زۆر گرنگە و کاتێك مرۆڤ بەرپرس بوو بەرامبەر کارێك زۆر دڵسۆزانە کارەکەی ئەنجام بدات ویژدانی خۆی ئاسوودە بکات و نەبێتە جێێ دانانی نیشانەی پرسیارو سەرسوڕمان، بەداخەوە ئەمڕۆ لەکوردستان هەموو کەموکوڕی وگەندەڵییەك ئەخرێتە ئەستۆی بەرپرسان ودەسەلاَت لەکاتێکدا نەبەرپرسان و نەدەسەڵات ڕاستەوخۆ ئاگایان لە شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری ناو دام ودەزگاو پڕۆژکانی خزمەتگوزاری نییە و ئەمە ئەرکی دەسەڵات نییە هەموو ڕۆژێك سەردانی ئەو شوێنانە بکات ولەنزیکەوە ئاگاداری ئەم هەموو ناڕیکوپێکی و بێدەربەستییە بێت کە ڕۆژانە و لە هەموو ساتێکدا ئەنجام ئەدرێت، ئەمانە هەموو ئەرکی کارمەندو پزیشکەکانن و هەریەك لەوان بەرپرسە لە ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانیان بەویژدانەوە، ئایا وەزارەتی تەندروستی ئاگادارە لەوەی نەخوشخانەکانی کوردستان بوونەتە شوێنی ئازاردانی خەڵك؟ تەنها جارێك پزیشکێکی خستۆتە ژێر وورد بین و پرسیاری بۆ؟ ی ئاڕاستەی خودی بەڕێوەبەری فەرمانگەو نەخۆشخانەو قوتابخانەکان کردۆتەوە؟ بۆ ئەبێت لە هەرێمێکی وەك کوردستان کە خاوەنی داهاتێکی زۆرە خەڵك بێزار بێت؟ ئایا بودجەی تایبەت خەرج ناکرێت بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان؟ بۆ خەڵك هەست بە بەرپرسیاری ناکەن بەرامبەر یاسا؟

ئەمانەوە دەیان پرسیاری دیکە پێویستیان بەوەلاَم دانەوە هەیە، و پێویستە بڵێم ئەم جۆرە بەرنامانە بوونیان گەلێك پێویستە گەر کاردانەوەی ئیجابیان هەبێت چ لەسەر بەرپرسان لە نەخۆشخانەکان بەتایبەتی و هەموو دامودەزگایەك کە بۆ خزمەت کردن بە هاووڵاتاین دامەزراون، وێرای ئەوەی خەڵك پێویستە زیاتر پابەندی یاساکان بن و کەمێك ئەتەکێت بەکاربهێنن لەکاتی سەردان و هەڵس وکەوتدا چون مرۆڤی شارستانی گەر خاوەنی ئەتەکێت و لەباقەتێك نەبێت لە کاروبارو هەڵس کەوتدا بەتایبەت کەسانی خوێندەوارو بەناو ڕۆشنبیر ئەوکات کۆمەڵگە بەرەو خراپ وخراپتر ئەچێت، پێم خۆشە لێرەوە ئافەرین پێشکەشی خاتونی پێشکەشکاری بەرنامە بکەم وبەهیوام ئەم هەموو بەرنامەو سەردان وریپورتاژە تایبەتانە جێێ خۆیان بپێکن و چیتر بەو شێوەیە دیاردەی ناشرین و ناشارتانی نەبینین و کارمەندانیش زیاتر بایەخ بدەنە هەڵسوڕانی کارەکانیان و پزیشکەکانمان کەمێك لەو لووت بەرزییە بێنە خوارەوە، تەنها خاڵێکیان دێنمە پێش چاو لەئەوروپا دکتۆر خۆی دێت بانگی نەخۆش دەکات و بەجۆرێك پێشوازی لێ دەکات گەر لەناخۆشتین باری تەندروستیدا بێت هەست بەئارامی ئەکات، ئەمە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

19-12-2007 21:14بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

جگە لە نەخۆشخانەكان كە باوەڕم نییە بە سد ساڵی دیكەش كۆمەڵگەی ئێمە ببیینن، لەكاتێكدا هیچ جیاوازییەك نییە تەنها زمانێكی خۆش و كەمێك خۆماندووكردن لە كارەكاندا و خەرج كردنی میزانیە بە نەخۆشخانەكان نا بۆ گیرفان، چونكە خەڵك تەنها زەنبێكی كردبێت ئەوەیە لە وولاتێكدا ئەژی هەموو شتێكی تێدا پەیڕەو دەكرێت تەنها یاسا و عەدالەت نەبێت.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.